# حیزب و ڕێکخروە مەدەنی و کەسایەتیەکان سلاوێکي گەرم فرموون لەگەڵ ئەو ڕاگەیاندنەی ناوندی چاک دا.

---

لە نەرویج یادی هەڵەبجە و ئەنفال بەڕێوەدەچێت.

ڕێکخراوی چاک هەڵدەسێت بەبەڕێوەبردنی ئەم یادەوەریە. بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ئەم بەڕێزانە: بەشداری چالاکییەکانی ئەمساڵمان دەکەن: (شاعیر شێرکۆ بێکەس، نوسەرو لێکۆڵەر مەریوان هەڵەبجەیی، بەرپرسی کەسیی کیمیاباران و ئەنفالی کورد گۆران ئەدهەم، مێژوونووس سۆران کاڵباسیان، شاعیر دڵشاد عەبدولا، نوسەر ئازاد تۆفیق، شاعیر خاڵە حەمە، لەگەڵ کۆڕاڵێکی هونەری و ئەدەبیدا) هاتن بۆ هەموانەو داوەتی ڕێکخراوو لایەنە سیاسییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان دەکەین.

زانیاری زیاتر دەربارەی یادەوەری هەڵەبجەو ئەنفال:

ڕۆژی شەممە ١٧ / ٤ / ٢٠١٠ لە ئۆسلۆی پایەتەختی نەرویج کاتژمێر (٣) سێی پاشنیوەڕۆ تا ٧ی ئێوارە، ڕێکخراوەکەمان (چاک) هەڵدەستێت بەیادەوەریی هەردوو کارەساتە جەرگبڕو مەزنەکەی گەلی کوردمان (هەڵەبجە و ئەنفال) بەم شێوەیە:

وەستان و ڕێزلێنان لە گیانی شەهیدان .

وتاری ڕێکخراوی چاک

پێشکەشکردنی کۆڕاڵێکی هونەری و ئەدەبی.

لەشاری هەولێرەوە کاک دڵشاد عەبدوڵلا بەشداریمان دەکات بەخوێندنەوەی شیعرێک،

کۆڕێک بۆ بەڕێز سۆران کاڵباسیان ((جینۆسایدو مێژوویەک دەربارەی جینۆسایدی کوردی)

گۆران ئەدهەم (بەرپرسی کەیسی هەڵەبجە، ئەنفال، پاکتاوکردنی ڕەگەزی) زانیاری نەبیستراو دەربارەی کەیسی هەڵەبجەو ئەنفال لە بەغداد و لەنزیکەوە بینینی سەددام و عەلی کیمیایی.

پشویەکی ١٥ خولەکی و خواردن و خواردنەوەی کێک و چا و قاوە

کۆڕێکی فکری بۆ بەڕێز مەریوان هەڵەبجەیی (پێگەی هەڵەبجە و چەمکی کیمیایی باران)

ئازاد تۆفیق خوێندنەوەیەکی کورتی مێژووی سیاسی هەڵەبجە.

خوێندنەوەی شیعرێک لە لایەن بەڕێز شێرکۆ بێکەوەوە.( بە پەیوەندی تەلەفوونی)

خوێندنەوەی شیعرێک لە لایەن (خاڵە حەمە)ی شاعیرەوە.

بەشداربووانی ئامادەبووان، گفتوگۆو لێدوان

لەنێوان چالاکییەکانیشدا وتارو هەڵوێستی لایەن و ڕێکخراوەکان دەخوێندرێتەوە.

هاتن بۆ هەمووانەو تکامان لەرێکخراوو لایەنە سیاسییەکان ئەوەیە کەئەگەر نیازی بەشداریکردنیان هەیە بەوتار یان هەرشتێکی دیکە، پێشوەخت ئاگادارمان بکەنەوە.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارە تەلەفونانەوە

96826321 95967838

یان لەرێگەی ئەم ئیمایلەوە

jihadhammah@yahoo.com

ئەدرەس لە هۆڵی کتێخانەی گشتی ئۆسلۆ:

DEICHMANSKE..BIBLIOTEK

ARNE GARBORGS PLASS 4

0179 OSLO

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد . چاک